


# یەکگرتوو

www.yakgrtu.org

ژمارە (٨٧١) - دوو شەممە ٢٠١٢/١/٢ ز - ساڵی حەڤدەهەم

١٢ی (بەفرانبار)ی٢٧١١ی کوردی- ٩ی (صفر)ی ١٤٣٣ی کۆچی - نرخی (٥٠٠) دینارە




### جیبەجێنەکردنی پاکێجەکانی ئۆپۆزسیۆن و رووداوەکانی بادینان هۆکاری رەتکردنەوەی لوتکەی پێنج قۆڵین

# ئۆپۆزسیۆن تەنها لەپێناو کۆبوونەوەدا، کۆبوونەوە ناکات



یەکگرتوو/ تایبەت

پێرێ هەرسێ لایەنی ئۆپۆزسیۆن لە ئاستی لوتکەدا کۆبوونەوەو رەتیانکردەوە کە بەشداری کۆبوونەوەی پێنج قۆڵی بکەن، وەک لە بەشێکی راگەیەنراوی کۆبونەوەکەدا هاتووە «سازدانی هەر کۆبوونەوەیەکی پێنج قۆڵی پێویستی بە زەمبنەسازی هەیە، بەڵام لەگەڵا ئەوەی زەمینەسازیش نەکراوە روداوەکانی ئەم دواییەی بادینانیشی هاتە سەر کە هەنگاوی جدی نەنراوە بە ئاراستەی چارەسەرکردنی»، لەوبارەوە (د.محەمەد ئەحمەد) سەرۆکی ئەنجومەنی شورای یەکگرتوو و بەشداری کۆبوونەوەکان بۆ رۆژنامەی یەکگرتوو ووتی: «لە هەرێمی کوردستاندا زەمینەسازی بۆ کۆبوونەوەی پێنج قۆڵی نیە« بۆیە وەک بەرێزی ووتی «پێشتریش رامان گەیاندووە کە کۆبوونەوە تەنها بۆ کۆبوونەوەو ئیعلام ناکەین، بەداخەوە سیاسەت لەم وولاتەدا بە

> سەرۆکی شورای یەکگرتوو:
> **تۆمەت دابەشکردن سودی نیە و ئەوەندەی تر بێ متمانەیی دروست دەکات**

جۆرێک مومارەسە کراوە کە بێ متمانەیی زۆری دروستکردووە لەنێوان لایەنە سیاسیەکاندا، سیاسەت بۆ ناوخۆی وولات یان هەرێمێک پێویستە لەسەر بنەمای گەراندنەوەی ئەخلاقێکی سیاسی مومارەسە بکرێت و متمانە لەدەست نەدرێت»، زیاتر ووتیشی «ئەوەندە کۆبوونەوەو رێکەوتن کراوەو ئەنجامێکی نەبووەو تەنها بۆ وێنەگرتن بووە خەڵکیش متمانەی نەماوە«، (د.محەمەد ئەحمەد) ئەوەشی رونکردەوە کە بڕیارەکانی سەرۆکی هەرێم جێبەجێ ناکرێن، ناکۆکیەکانی نێوان پارتی و یەکگرتوو هەنگاوێک نانرێت بۆ پێشەوە، واتە هیچ زەمینەسازییەک نەکراوە بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ.

وەک هەنگاوی زەمینەسازیش، سەرۆکی ئەنجومەنی شورای یەکگرتوو ووتی: «پێویستە بڕیارەکانی سەرۆکی هەرێم جێبەجێ بکرێن، پاشان پارتی بەدوای چارەسەری کێشەکانی بادیناندا بچێت و زۆر ئاساییە داوای لێبوردن بکرێت لە یەکگرتوو، وە رەدی ئیعتیباری بۆ بکرێت و ئیجرائاتی پێویست بکرێت، با پاکێجەکانی ئۆپۆزسیۆنیش بخرێنەوە بەرنامەی کارەوە، دواتر پێکەوە دانیشین بەرنامە دابنێین بۆ رووبەروبوونەوەی پێشهاتەکان لەسەر ئاستی عێراقیشدا»

لەلایەکی ترەوە دەربارەی ووتەی بەرپرسێکی پارتی کە لە گۆڤاری لڤیندا ئاماژەی بەوە دابوو کە بەڵگەیان لایە «هەرسێ لایەنی ئۆپۆزسیۆن پارەو چەکیان داوەو هاوکاری مەعنەوی کراون بۆ هێرشکردنە سەر لقی چوار»، د.محەمەد ووتی: «ئەوەش هەڵەیەکی ترە کە دەیکەن و تۆمەتێکی ترە کە هەڵی دەبەستن، ئۆپۆزسیۆن دوومانگ ووتی ئاشتی ئاشتی، ئەوان نەهاتن بە دەمەوە، ئەوە ئەوان بوون هێزی چەکداریان کۆکردەوەو ئەوەش ئۆپۆزسیۆن بوو نەیویست خوێن برژێ و بە گیانی مەسئولانە مامەڵەی کرد، تۆمەت دابەشکردن سودی نیەو ئەوەندەی تر بێ متمانەیی دروست دەکات، بە پێچەوانەوە ئەوان دەبێت دڵسۆزانەو لێپرسراوانە مامەڵە بکەن تا چارەسەری ئاشتیانەی کێشەکان بکەن و متمانە بگێرنەوە ئەوکات دەرفەتیش دەرەخسێت بۆ کۆبوونەوەکان».

# لە کابینەی حەوتەمدا سەرجەم وەزیرەکانی یەکێتی دەست لەکار دەکێشنەوە

**بەگوێرەی زانیارییەکانی رۆژنامەی یەکگرتوو، ئەم هەفتەیە دوایین ماوەی سەرۆکایەتیکردنی حکومەتە لەلایەن (د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح)ەوە و ئێستا بابەتەکە لەسەر کاندیدی پارتی راوەستاوە.(د.بەرهەم) و ئێستا بابەتەکە لەسەر کاندیدی پارتی راوەستاوە.**

سەرچاوەیەکی نزیک لە مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان ئەوەی ئاشکرا کرد کە لەم هەفتەیەوە تا دە رۆژی تر (د.بەرهەم ساڵح) پۆستی سەرۆکایەتیی حکومەت رادەستی پارتی دەکاتەوە، ئێستا تۆپەکە لە گۆڕەپانی پارتیدایە بۆ دەستنیشانکردنی کەسێک بۆ ئەو پۆستە، هەروەها ئاماژەی بەوەشدا کە لەگەڵ کۆتاییهاتنی کابینەی شەشەمدا، سەرجەم وەزیرەکانی یەکێتی دەست لە کار دەکێشنەوە و یەکێتی بە ستافێکی نوێ بەشداری کابینەی حەوتەم دەکات. ئەو سەرچاوەیە هۆکاری دەستلەکارکێشانەوەی سەرجەم وەزیرەکانی بۆ رەغبەتی خودی وەزیرەکان گەڕاندەوە لە ئیشکردن لەگەڵ ئەو کەسەی کە سەرۆکی حکومەتە. بەشێک لەو وەزیرانە پێیان وایە کە ناتوانن لەگەڵ سەرۆکی داهاتووی حکومەت بە باشی ئیش بکەن، ئەدای خۆیان بە باشی جێبەجێ بکەن، هەر بۆیە دەست لە کار دەکێشنەوە لە کابینەی حەوتەم و بەردەوام نابن لە پۆستەکانیان.

رۆژنامەی یەکگرتوو بۆ پشت راستکردنەوەی ئەم هەواڵە، پەیوەندی بە (ئازاد جوندیانی - وتەبێژی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان)ەوە کرد، بەڵام پەیوەندییەکە وەکو زۆربەی کاتەکانی تر بەردەست نەبوو.

### ئەمینداری گشتی بۆ هەردوو ڕادیۆی سوتاوی خاپور و دهۆک:

## ئەوەندەتان بەسە بۆ شانازی, کە سەرانسەری کوردستان لەگەڵتان هاوسۆزی کرد.. ل٢

## حاکم شێخ لەتیف: بە هیچ شێوەیەک یاسا لە کوردستان سەروەر نیە.. ل٤

## فراکسیۆنی یەکگرتوو داوای دەست لەکارکێشانەوەی وەزیری ناوخۆ دەکات..ل٥

# (مەحمود مەشهەدانی) پۆستی جێگری سەرۆک کۆمار و، (سەلام زەوبەعی)ش پۆستەکەی (ساڵح موتڵەگ) وەردەگرن

یەکگرتوو/تایبەت

پاش کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، وڵات هەنگاوی بەپەلەی بەرەو ئاڵۆزییەکان ناو، چەندین کێشەی سیاسی و ئەمنی بەهێزی بەدوای خۆیدا هێنا، کە گرنگترینیان بڕیاری دەستگیرکردنی (تاریق هاشمی - جێگری سەرۆک کۆماری عێراق) بەە، بە بیانووی دەست هەبوون لە تیرۆر و، دوورخستنەوەی (ساڵح موتڵەگ - جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران) بە بیانووی سوکایەتیکردن بە سەرۆکی حکومەت. لە بەرامبەریشدا وەک هەڵوێست وەرگرتن وەزیرەکانی لیستی عێراقیە بڕیاریاندا بەشداری کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی نوێنەران نەکەن و بایکۆتی بکەن تا کاتێکی نادیار.



لە ئێستادا چەندین سیناریۆی نوێ هاتوونەتە پێشەوە، بەمەبەستی چارەسەرکردنی گرفتەکان، کە گرنگترینیان بێ منەتی (نوری مالیکی) دەردەخات بەرامبەر لیستی عێراقیە و، چەندین کەسی بۆ جێگرەوەی پۆستەکانی لیستی عێراقیە داناوە، کە گرنگترینیان (مەحمود مەشهەدانی) کاندید دەکات بۆ جێگری سەرۆک کۆماری عێراق لە جێی (تاریق هاشمی) و، (سەلام زەوبەعی)ش کاندید دەکات بۆ جێگرتنەوەی (ساڵح موتڵەگ).



لەوبارەیەوە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو لە لێدوانێکی تایبەتیدا بە رۆژنامەی یەکگرتووی راگەیاند «نوری مالیکی بێ منەتی خۆی بەرامبەر لیستی عێراقیە نیشانداوە و رایگەیاندووە تا هەفتەی داهاتوو گەر جێگرەکەی سەرۆک کۆمار کێشەکەی لە دادگا یەکلایی نەکاتەوە، ئەوا (مەحمود مەشهەدانی - سەرۆکی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی) لەجێی دادەنێت». ئەو سەرچاوەیە راشیگەیاند «سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران (سەلام زەوبەعی - جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی خولی رابردوو)ی راسپاردووە کە خۆی ئامادە بکات بۆ پۆستەکەی (ساڵح موتەڵەگ)ی جێگری، گەر تا هەفتەی داهاتوو عێراقیە لەسەر هەڵوێستی خۆیان بەردەوام بن، ئەوا لە سەرەتای هەفتەی داهاتووەوە ئەو گۆڕانکارییانە ئەنجام دەدات».

بۆ لاپەرە ١٥...

### بەرپرسی دەستەی پارێزەرانی یەکگرتوو:

# لیژنەکەی سەرۆکی هەرێم یاسایی نەبوو...

بەرپرسی دەستەی پارێزەرانی دۆسیەی سوتاندنی بارەگاکانی بادینان، بۆ رۆژنامەی یەکگرتوو دەڵێ:»ئێمە لە سەرەتاوە گوتمان لیژنەکەی سەرۆکی هەرێم یاسایی نییە، سەرۆکی هەرێم مەبەستی ئەوە بوو لیژنەیەک دروست بکا تا پەردەپۆشی راستیەکان بکات».

(محەمەد هاودیانی - بەرپرسی دەستەی پارێزەرانی دۆسیەی سوتاندنی بارەگاکانی یەکگرتوو لە بادینان) لە دیمانەیەکی رۆژنامەی یەکگرتوودا دەڵێ:»لیژنەکە نەیتوانیوە دەرئەنجامێکی باش بدات بەدەستەوە، بەڵکو هەوڵیشی داوە راستییەکان بشێوێنێ و بە شێوەیەک بیخاتە روو، کە هیچ بنەمایەکی راستییان نەبێ«.

(هاودیانی) لەبارەی رۆڵی دادگاوە ئاماژە بەوە دەکات کە «کاری دادوەری لێکۆڵینەوە لە روودانی هەر رووداوێکە، کە تاوانی تێدا ئەنجام بدرێت، یەکسەر دەست دەکات بە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بۆ رووداوەکە«.

هەروەک دەشڵێ «بەڵام بەداخەوە لە سنوری بادینان، بەتایبەتی لەو شوێنانەی کە تاوان تیایدا ئەنجام دراوە، دادگا بە شێوەیەکی سەربەخۆ کاری نەکردووە«.

(هادیانی) ئاماژە بەوە دەکات کە ئەوان وەک پارێزەرانی یەکگرتوو لە هەرسێ شاری هەرێمی کوردستان دەستەیەکیان پێکهێناوە بۆ داکۆکیکردن لە کەیسی سوتاندنی بارەگاکانی یەکگرتوو لە بادینان. ل٣